پەیڤ
ئەڵقەی 23

نووسنی: ڤینۆس فائق
venusfaiq@yahoo.co.uk

# بیری نەتەوەیی

بەم دواییە باس و خواسێکی زۆر سەبارەت بە بیری نەتەوەیی و دژایەتی کردنی لە ئارادایە ، ئەوانەشی دژی بیری نەتەوەیی ئەوەستنەوە خۆیان هەڵگری بیری نەتەوەیین ، بەتایبەت کە باس دێتە سەر باسی بیری نەتەوەیی کوردی ، بەتایبەت لەلایەن هەڵگرانی بیری نەتەوەیی عەرەبیەوە ، لەو کاتەدا کە دەبوو ئەوان یەکەم کەس بن رێز بۆ ئەو بیرە دانێن لە هەرکوێیەک بێت لەسەر رووی زەمین ، چونکە کەسێک هەڵگری بیرێک بێت ئەبێت رێزی بۆ هەمان بیر هەبێت لە بەرامبەرەکەیدا .

بە باوەڕی من بیری نەتەوەیی کراسێک نیە لەبەر بکرێت و کە کۆن بوو فڕێ بدرێت ، یان خواردەمەنیەک نیە بۆگەن بکات ، بەڵکە بیری نەتەوەیی یەکێکە لەو فەلسەفانەی بە درێژایی مێژوو نەشونما ئەکات ، بەڵاَم ئەو بیرە کاتێک ئەبێتە شتێکی نەویستراو کە لە سنووری خۆی دەرچێت و ببێتە ئامرازێک بۆ دژایەتی کردنی نەتەوەیەکی تر ، یان بگاتە سنووری توندڕەوی و رەتکردنەوەی ئەویتر ، چونکە من بۆخۆم ئەگەر هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی بم بێگومان ئەخوازم ئەوی بەرامبەرم رێزی هەبێت بۆ نەتەوەکەم ، کاتێکیش ئەتوانم سۆزی بەرامبەرەکەم بەلای خۆما راکێشم کاتێ رێزم هەبێت بۆ نەتەوەکەی بەرامبەرم ، بەڵاَم ئەگەر رێزم نەبوو بۆ نەتەوەکەی بەرامبەرم ئەوا ناکرێت لە بەرامبەرەکەم چاوەڕێی رێز بکەم ، بەهەمان شێوەش هەمان شت لەگەڵ هەڵگرانی بیری نەتەوەیی عەرەبی و هەموو هەڵگرانی بیری نەتەوەیی غەیرە کوردی وەک تورک و فارس ، ئەوانەی هەمیشە و بەدرێژایی مێژوو نەتەوەکەی خۆیان خستۆتە سەروو هەموو نەتەوەکانی ترەوە بەتایبەت نەتەوەی کورد ، بەواتایەکی تر هەمیشە نەتەوەی کوردیان لە پەراوێزدا داناوە ، ئەوەش وایکردووە نەتەوەی کورد هیچ کاتێک هیچ هەست و سۆزێکی نەبێت بەرامبەر ئەو نەتەوانە ، چونکە بە درێژایی مێژوو پەیوەندی داگیرکەر و ژێردەستە بەستوونیەتەوە .. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو ململانێیە قووڵکاتەوە کە ئێستا بەدەستیەوە ئەناڵێنین و ئەوەتاش بە روونی و ئاشکرا لە خاڵەکانی رەشنووسی دەستووری عیراقیدا رەنگی داوەتەوە ، دەنا زۆربەی زۆری خاڵەکانی ئەو دەستوورە زۆر شارستانیانە هۆنراوەتەوە ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە مەسەلە گشتیەکانەوە کە ژیانی عیراقیەکان رێکدەخات لە چوارچێوەی عیراقدا ، بەڵاَم لەو خاڵاَنەدا کە پەیوەندی هەیە بە نەتەوەی کورد و چارەنووسی نەتەوەی کوردەوە بە هیچ شێوەیەک هیچ مەودایەک نەماوەتەوە بۆ مۆمێک لە ژووری تاریکی هیواکانی میللەتی کوردی پێ رۆشن بکرێتەوە..بیری نەتەوەیی عەرەبی بە درێژایی مێژوو لە هەوڵێکی داگیرکەرانەدا بووە بۆ بیناکردنی وڵاَتی عەرەبی گەورە لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەو بەینەدا نەتەوە هەن دەبن بە ژێر پێی

نەتەوەی عەرەبیەوە و دووچاری سڕینەوەی ناسنامە ئەبنەوە ، بێ ئەوەی گوی بدرێتە ئەوەی نەتەوە هەن وەک ئەوان مافی ئەوەیان هەیە بوون و چوارچێوەی سیاسی و شارستانیان هەبێت ، ئەوەش بە رۆژگار بووەتە هۆی قووڵبوونەوەی ململانێی سیاسی و بەهێزبوونی هەستی رکەبەرایەتی و نەمانی زمانی ئاخافتن و لەیەک تێگەیشتنی سیاسی ، هەتا حەدی سڕینەوەی مافی چارەنووس لە دووتوێی دەستوورەکەدا..

بۆیە هەمیشە دەڵێم بیری نەتەوەیی ئەگەر لە چوارچێوەی پیرۆز راگرتنی نەتەوە چووە دەرێ و لە هێڵی رێزگرتن لە نەتەوە زیاتر رۆشت بەرەو توندڕەوی و سڕینەوەی نەتەوەکانی تر ، ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێی سیاسی باجەکەی لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا ئەدرێتەوە ، وەک ئەوەتا میللەتی عەرەب و هەڵگرانی بیری نەتەوەیی توندڕەو بەرامبەر بە میللەتی کوردی ئەکەن..

پەیڤ : گۆشەیەکی هەفتانەیە لە رۆژنامەی پەیامی کورد بڵاو ئەبێتەوە و لە هەمان کاتدا لە سایتی دەنگەکان بڵاو ئەبێتەوە..